بەرلە مالئاوایی، لە مالّ، کتێبخانە و نیشتمانەکەم

3

گەنجینەی ڕێزلێنان

حەیدە ڕێنامە

مومتاز حەیدەری

دەمێکە شاری پڕشۆری مەحەبەت، مات و خاموشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئێمنێشانەکەم، چیبکەم؟

مەحوی

کوردستان

16473

Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

K21

خودانی دەرکردن : زیلان حەیدەری

سەرنووسەر : مومتاز حەیدەری

گۆڤاڕێکی کلتووری - زانستی - میژوویی - بەڵگەنامەیی - نەتەوەیی - وەرزیی نازادە

کتێب پەروەر جەنابی مام جەلال

بەبێ هیچ جۆرە مەرجێك خەرجی گۆڤارەکەو بارەگای دابین کرد



پێشوازی لە رۆژنامەنووس مومتاز حەیدری و ماموستا جەمشید حەیدەری کرد

سەرۆك مام جەلال رۆڵی بنەماڵەی حەیدەری لە شۆڕشی گەلی کورد دا بەرز نرخاند

ژمارە (7) ژمارەی تایبەت بە یادی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە 2010- 2710

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

گۆڤاری سلێمانی ، ژمارە 107 ئەیلوولی 2009

ئەنسکلۆپیدیاکەی مامۆستا مومتاز حەیدەری...

گۆڤاری K21 کانیاوێکی ڕووندو بێگەردە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی، ڕووناکبیری، سیاسی نەتەوەی کورد


K21

خوداڤی دەرکردن ، ژیلان حەیدەری

بەڕێوەبەر ، مومتاز حەیدەری

یادی 225 ساڵەی شاری بەدرەکی مادا، شاری قوبێتک و پێکەنێن، شاری سلێمانی پیرۆزە

بانگەواز بانگەواز بانگەواز

بۆ بەڕێزان بەڕێوەبەرانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان

مێژووی 16 ئاب و سەروەری 11ی ئەیلوول شکۆ دار بن

2009 - 2709

زیری بڕیسار بکرێ ؟

ژمارە (٥، ٦)ی گۆڤاری K21 وانە کوردستان لەسەدی بیستو یەکەمدا شا گۆڤارێکی وەرزییە خوداڤی دەرکردن، ژیلان حەیدەری و سەرنووسەر پیاوی ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس مامۆستا مومتاز حەیدەری لەمەڵبەندە دێرینەکەی کوردستان، لەشاری هەولێر وەرزانە بەشێوەیەکی ئەوپەڕی سەردەمانەو نوێ، بەدەرکێکی قورس و سەنگین، بەبێ بودجە، بەبێ بارەگا لەکات و ساتی خۆیدا بڵاوەکرێتەوە،کەتێمە ناوی(ئەنسکلۆ پیدیا)مان لێناوە..

ئەم شا گۆڤارە کەلەناوەخۆو ناوەرۆکەکەی بەروانیەت هەرگیز بەوەرناکەیت لەمالێکداو لەلایەن کەسێکەوە نامادەبکرێت کەکارێکی لەم چەشنە بەهەموو دەزگایەکی ڕووناکبیری ناکرێت، تەنیا بەدەزگایەکی گەورەوگران کەخاوەنی بوودجەیەکی زۆر چەند کادرێکی لێهاتوو شارەزاو چست‌و چالاک بێت، بۆیە لەجیاتی جارێك سەدان جار دەستخۆشی لەبراو هاوڕێم مامۆستا مومتاز حەیدەری نەوەی ئەو بنەمالەی ڕووناکبیری‌و نیشتمانپەروەریی‌و ناسراوی شاری هەولێر ئەکەم کەبەراستی ئەوەی ئەو ئەیکات ئەك هەر ئێمە لە(گۆڤاری سلێمانی)، بەڵکو ئەبێ سەرتاسەری دەزگا ڕووناکبیری‌و خاوەن بودجەی زۆرو خاوەن نوێترین چاپخانەکانی کوردستان سەری ڕێزو نەوازشی بۆ ئەوی بکەمن، ئافەرێنیش بۆ ئەو کەسە ژمارە کەمانەی کەلەگیرفانی خۆیان دەستی یارمەتی بۆ دەرچوونی گۆڤارەکە دڕێژ ئەکەن، کەبەداخەوە، زۆر، زۆر کەمن.

بۆیە من بۆ جارێکی تریش داوا لەدامودەزگا ڕووناکبیرییەکانی کوردستان ئەکەم کەژمارەیان لەزیادبوونداید، لەپەرلەمان‌و وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و شوێنە لێپرسراوەکانی ئەم کوردستانە ئەکەم کەئێتر نابێ لەیارمەتی‌و هاوکاریکردنی مادی‌و مەعنەوی ئەم گۆڤارە وەرزییە بەبێ دەنگ‌و قوڕوقەپ بن، کەبەراستی بەندە شەرم دامنەگرێ لەناستی بێ دەنگیان.

ئەم ئەنسکلۆپیدایەی ئەمجارە کەلە (٧٠٠)لاپەڕەی قەبارە گەورەدا خۆی کۆکردۆتەوە، جگە لەچەندین بەڵگەو دیکۆمێنت‌و وێنەی نادیارانی لەئەدەبی‌و مێژوونووس‌و سیاسەتمەدارو کەسانی پیاوچاك بەچەندین نووسین‌و بابەتی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە کەقوتابخانەیەکە بۆ خۆی، هەر ئەم ژمارەیەدا چەند دۆسیەیەکی بەخەباتی مێژوویی سەبارەت بەحزبە کوردستانیەکان ئەم ژمارەیەدا ئەخرێنیتەوە کەبەراستی ئەم کارەش هەروا بەئاسانی ناکرێت‌و نایەتە دەست بەتایبەتی بەکەسێکی تەنیا بال، مەگەر ئەو کەسە مومتاز حەیدەری بێت‌و بەرهەمەکەیشی ئەم شا گۆڤارە بێت کەبیبلۆگرافیایەك‌و فەرهەنگێکی کەم وێنەیێت کە کانیاوێکی ڕوون‌و بێگەردە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی، ڕووناکبیری، سیاسی، ئەتەوەی کورد وئەڵبورمیکی پڕاو پڕ لە وێنەو دیکومێنت.

بەردەوامبێ شا گۆڤارەکەی K٢١ و سەرنووسەرە بەتواناکەی مامۆستا مومتاز حەیدەری‌و ڕێزو خۆرمەتێکی زۆرمان بۆ ئەو مالەی ئەم ئەنسکلۆپیدایەی تیا ئامادەئەکەن، خۆشبوبستیمان بۆ خاتوو ژیلان حەیدەری خاوەن دەرکردنی K21.

سلێمانی

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library